# بەبینینی سمتێکی قەڵەو چاوتان زەق دەبێت!

رووناک

لەمانگی پێشودا رۆژنامەی هەواڵ بەوێنەوە ئەوئاهەنگەی بڵاوکردەوە کە وێنەی ژنێکی سەماکەری تێدابوو، جەستە یەکی سە رنج راکێشی گۆشتن کە گرێ سێکسیەکانی پیاوانی ئەم کۆمەڵگەیە دادەمرکێنێتەوە، ئەوڕۆژە یەک ژمارەی هەواڵ لەکتێبخانەکاندا نەماو، بگرە دەستاودەست ئەم رۆژنامەیە دەگوێزرایەوە لەچایخانەو بەرکتێبخانەو ئە وشوێنانەی نێرینە شەرەفپارێزەکانی کۆمەڵگەی تیا کۆدەبۆوە، سەریان شۆرکردبۆوە بە سەرئەووێنانەدا ،بەرلەوەی هەواڵەکە بخوێنرێتەوە ئاراستەی چاوەکە بۆ ژنە سەماکەرەکە بوو،بەتایبەت ئەو وێنەیەی کە سمتی سەماکەرەکە لەکۆشی ئەفسەرەکەدایە، شێوەی سەیرکردنەکە وایی دەنواند کە زۆربەیان ئاوات خواز بوون ئەوسمتە لەکۆشی خۆیاندا بوایە ، ئەوەی جێگا سەرنجیشە نەک ئەم پەرۆشیەی پیاوان بۆ سەیرکردنی جەستەی ئەم ژنە نەبوە پرسیار بەڵکوزۆر لەنێرینەکان بڵاوکردنەوەی ئەم وێنانەی پێ گرنگ بوو، پێیان وابوو ئەوەیە کاری رۆژنامەنوسی کە یەك رۆژنامە لەبازاردا نەماوە. گرنگ فرۆشتنی رۆژنامەکە بوو ، وەك بازرگانیەك نەك بایەخی ئەوبابەتەی کە بڵاوبۆتەوە.


وێنەکە لە رۆژنامەی هەواڵەوە وەرگیراوە

زۆر لەپیاوەکان کاتێك باسی وێنەکانیان دەکرد، دەیان وت ژنی یەکێك لەبەعسیەکانتان بینی کە چۆن سەما دەکات، وەك بیانەوێت ئەمەش بکەنە مەسەلەیەکی سیاسی و گرێکانی خۆیانی پێ بشارنەوە، کاتێك سەیری وێنەکانم کرد، راستەوخۆ گفتوگۆی خۆم وهاورێکانم بیر کەوتەوە کەهەمیشە بۆمان بوەتە پرسیار بۆ کاتێك رووڵەشوێنێك دەکەین نێرینەی لێیە بەر لەوەی سەیری دەم وچاومان بکات ، سەیری سنگ وناوران دەکەن ، کاتێکیش دێنە سەر گەیشتن بەوجەستەیە بەبینینی لە ئاگاییا نایان هێڵێت ، رێزی لێناگرن ، هەروەك ئەوژنە لەشفرۆشە عەرەبە ووتی"ئێمە کاتێك لەگەڵ پیاوە کوردەکان سێکس دەکەین دوای پەشیمانین، لەبەر ئەوەی ئەوان لەهەرشوێنێك بمان بینن دەستمان بۆرادەکێشن کەئێمە خراپین ، گەر ئێمە خراپ بین ئەوان لەئێمە خراپتر"گەر بێینە سەر واقع لەشفرۆش ولەش کڕ یەکسانن و هەردوکیان لەپەیوەندیەکی دولایەنە دا یەك دەگرنەوە ئیدی ئەمە هەستی کڕین وفرۆشتنە یان نا؟ ئەوە باسێکی دیکەی گرنگە هەردوکیان هاوبەشن .

گەر ئێمە لەکۆمەڵگەیەکدا بین وێنەیەك ئاوا نێرینەکان هارکات ، چۆن بەدەیان پیاوی لەشکری تیانابێت و بەشێوازی جیاجیا هەوڵی پەیدا کردنی جەستە بدەن و لەهەمان کاتیشدا بانگەشەی پاراستنی ئابروو بکەن، ئەم دۆخە قبوڵکردنی سەختە بۆکەسانێك کە ساختەیان پێ هەزم ناکرێت، لەلایەك شەرف پارێزبیت ولەلایەك بە وێنەیەك کە جەستەی ژنێکی تیادەرکەوتبێت بەچۆکدا بێیت، ئەمە دووشتی جیاوازن گەر ئەوی باوك ، برا، هاوسەر، لەبینینی مێینەیەکدا تەنها بەتاڵکردنەوەی غەریزە ببینن،و ناشکرێت پارێزەری شەرەف بن .

ماوە بڵێین چۆن ترسناکی لەئایندەی کۆمەڵگەکەم نابینم گەر چەندین رۆژنامە نوسینی جوانی تێدایە، لەسەر شەقامەکان کەوتون وکەس ناچێت بەلایاندا و بەڵام رۆژنامەیەك گەر وێنەی ژنێکی روتی تیابێت لەبازاردا نامێنێت .

# بوونم پەیوەستە بە بوونی پەردەوە

ڕێوان

کردەی سێکس، یەکێکە لەو کردانەی کە پانتاییەکی بەرفراوانی لەژیانو کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئێمەی داگیرکردووە، زۆر بەروونی لەناو نوکتەکانمانو گۆرانیە فۆلکلۆرەکانمانو زۆرجاریش گفتوگۆو گۆسادەکانی رۆژانەمان، بارگاوی دەکرێن بەئاماژە سێکسییەکان.

نەستو خەوی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە لێوان لێوە لەئاماژەو کردەی سێکسی، لەناو کایەی کۆمەڵایەتیماندا، پرۆسەیەکی گرنگی وەکو هاوسەرگیری راستەوخۆ دەبەسترێتەوە بەکردەی سێکسییەوە، ئەم پرۆسە تەواو مرۆییە لەکۆی رەهەندەکانی تری بەتاك دەکرێتەوە.

خودی پرۆسەی سێکسی، کە بۆ خۆی ترۆپکی گەورەبوونو باڵابوونی رۆح لەنێوان دوربونەوەردا لەم رەهەندە بەتاڵ دەکرێتەوەو دەبەسترێتەوە بەحاڵەتێکی تەواو عەریزییەوە، زۆرجار ووزەو کاتو پارەیەکی باش بۆ بەدەستخستنی ئەم حاڵەتە خەرج دەکرێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا ئەم کردەیە بەرگی جۆراوجۆری لەخۆی ئاڵاندوە لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا، لەوانە پیرۆز، بۆخەڵ، تابۆ، تاکو هەنووکەش نەمانتوانیوە ببینە خاوەن تێڕوانینێکی ئاسایی مرۆیی پێویست بەرامبەر بەم کردەیە بۆ مرۆڤەکان.

لەگەڵ هەموو ئەو حاڵەتانەدا کە ئاماژەمان پێدا، هێشتا کچان لەسەر نەمانی پەردەی کچێنی دەکوژرێن، واتە لەگەڵ یەکەم کردەی سێکسیدا دەکوژرێن، گەر نەشکوژرێن لەسەر خەریتەی کۆمەڵایەتی ئەو مەرگی رادەگەیەنرێت، گەر سێکسەکەی لەجۆری سێکسی، یۆخەڵ بێت، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی بەبەدڕەوشتو ئابڕوو تەکاو ناوزەند دەکرێتو لەرووی ئاینیشەوە بەزیناکار دەناسرێت، ئەوی پەردە لەدەست چوو چیدی کەسێکی ئاسایی نیە، بەڵکو قێزەونە، پەیڕەوکارانی بیری پەردەسالاری بەتێرو مێوە، ئەو لەپێوەرە ئەخلاقیەکانی کۆگەل دەکەنە دەرەوە، بیری بەردەسالاری، مێینە تجرید (روتدەکاتەوە) دەکات لەهەموو رەهەندەکانی بوون، ئەو چیدی بوونەوەرێکی جوانو تەواو نیە، گەر تێڕوانینی بۆ ژیانو مرۆڤ تێڕوانینێکی پێغەمبەر ئاسابێت، ئەو ئیدی نوقسانە، چونکە لەکردەی سێکسی پیرۆزدا، کە کۆگەل لەسەری رێککەوتوون چەند دڵۆپێك خوێنی نیە.

جەماوەری پەردە سالار، کە لەم دیوو دەرگاوە وەستاون گەر رووسوریان نەبینی گەورەترین کارەسات دەقەومێت، مەرگی فیزیکیو رەمزی ژنەو بنەماڵە رادەگەیەنرێت، لێرەوە لەکۆمەڵگایەکی لەو شێوەیەدا مرۆڤ هەستدەکات چەندە بچوکە، چۆن هەموو پێکهاتەی فیزیکیو مانەویت چیدی مانایەکیان نیە، تەنها پەردەو چەند دڵۆپە خوێنێك بوونی ئەو دیاریدەکەن، لێرەوە گەر ئاوڕێکی تاڕادەیەك سەرپێیانە لەم بابەتە بدەینەوەو بزانین لەپشتی پەردەو چەند دڵۆپێك خوێن چی خۆی حەشارداوە. پەیڕەو کارانی بیری پەردەسالاری لەبنەمادا تیرۆانیان بۆ رەگەزی مێی تێڕوانینێکی بابەتیە، نەك خودی واتە ئەو مێ چیدی مرۆڤ نیە کە لەجەستەو رۆحو ئەقڵ پێك هاتبێت، ئەوی مێی، بابەتی چێژێکی سەیرە، بابەتی خۆراکێکە کە هەڵگری چەندین خەسڵەتەو لەژێر ناوێکی تایبەتیدا کۆناکرێتەوە، هێندە هەیە بابەتی خواردنو چێژی رەگەزەکەی ترە، کاتێك هەڵگرانی بیری پەردەسالاری لەیەکەم چرکە ساتی بەیەکگشتندا، چەند دلۆپێك خوێنو ئۆفو ئازاریان گوێ لێ نابێت.

ئیدی وەکو ئەوە وایە دنیا بەسەریدا کاول بووبێت، لێرەوە ئەوی خاوەنی بیری پەردەسالار هەست دەکات ئەو ژنە بەکارهاتووەو کەسێکی تر پێش ئەو بەکاریهێناوە.

لێرەوە تجرید کردنی ژن لەخودبوون دەردەکەوێت سستمی پیاوسالاری بەرخۆر چۆن ئیکتیفا ناکات بەبەکارهێنانی هەموو شمەکە مادیەکانی دەورویشتی، لەهەوڵی بێوچاندایە بۆ بەکاربردنی بەشێك لەرەگەزی مرۆڤایەتی وەك شمەکە مادییەکانی دەوروپشتی، ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە بیری پەردەسالاریو بەشی زۆری ئەو رێورەسمانەی کە پەیوەستن بەو حاڵەتەوە لەسەر دەستی خودی ژنان جێبەجێ دەکاتو هەمان تێروانینیش سەبارەت بەو حاڵەتە بۆتە بەشێك لەبیرو ئەخلاقی ژنان خۆیان.

# هیچ شتێک رامان ناچڵەکێنێت!

ئا/ ڕێوان

کوشتن وخۆسوتاندنی ژنان لەژێرباری ستەمە جۆراوجۆرەکاندا رۆژ بەرۆژ بەرەوزیاد بوونە،ترسناکی ئەمەش بوتە بەشێك لەبیرکردنەوەی ژمارەیەکی کەم لەژن وپیاوی ئەم کۆمەڵگەیە،کە ئەم حاڵەتە لەرێگەو شێوازی جیاجیا دەخرێنە روو، لەبەرامبەردا وەلامێکی ئەوتۆی کۆمەڵگە بۆخستنەرووی ئەم تاوانانە دەست ناکەوێت ، یەکێك لەوشێوازەی کە رۆژنامەنوس هیوا فریاد رەس گرتیە بەر بۆ خستنە روی ئەم ستەمانە کردنەوەی پیشانگایەك بوو لەسەر شەقام وبەناوی (هەڵفرینی رۆحەکان)، کەلەرێگەی ئەم پێشانگایەوە وێنەی ئەوژنانەی تیرۆرکراون وخۆیان سوتاندوە ، ئەوکەسانەشی لەپشت ئەم تاوانانەوەن خرابوە روو .

فریادرەس لەکۆی ٦٤ تابلۆی فوتۆگرافیدا تراژیدیای ژنو تاکی کوردی خستەروو، کە لە نێوان ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٦دا خۆیان سوتاندووەو یان لەلایەن کەسوکاریانەوە کوژراون. ناوبراو بەهەوڵو کۆششی خۆی کۆیکردۆتەوەو بەهاوکاری بزاڤی ژیان لەرۆژی٢٠٠٦/١١/٦ لەبەردەم کۆلێژی زانست بۆ ماوەی سێ رۆژ نمایش کراو، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم پێشانگایە کەلوتکەی ستەمەکانی سەرژنانی دەخستە روو، کەمترین کەس سەردانیان کرد، ئەوانەشی دەهاتن زیاتر نێرینەی گەنج بوون وکەمترین ژن سەردانی ئەم پێشانگایەی کردو زۆرێکیش لەژنان کە بەشەقامەکەدا تێدەپەرین لایەکی عەباکەیان دەدا بەدەم و چاویاندا تاکو نەیبینن، ژنە سفورەکانیش کە دەگەیشتنە نزیك وێنەکان روویان وەردەگێرا.

